# ناقارداش سەنعان كەی ٩٠٪ی كەركوك توركمانن!!!!

ئامانج حه مه ورازی

له دوا ژمارەی بلأوكراوەی ( توركمان ايلي ) دەقی كۆنگرەيەكی ڕۆژنامەوانی سەنعان ئاغای قەسابی زۆڵە كورد بلأوكراوەتەوە، ، بۆنەی بەستنی كۆنگرەكە دەسگیركردنی عەبدول ئەمیر عیزەتی بەرپرسی عەسكەری توركمانه لەلايەن ئاسايشی هەولێرەوە، كه ئەم كارەی ئاسايش بەيەكەمین تۆماری پڕله شانازی ئاسايش دێت له ڕوانگەی ئاسايشی نەتەوەيەوە، نەفەسی قسەكانی ئەم ناقارداشه له نەفەفسی قسەی تەها ياسین ڕەمەزان دەچێت، كاتێك دادەبەزێته سه ر سەركردە كوردەكان به خائينيان له قەڵەم دەدات.

ئاغای قەساب له وەڵامی پرسيارەكاندا پتر له جارێك چاو پێ هەڵنەهاتنی خۆي به كورد و كوردايەتی و ئەزمونی كوردستان دووپاتكردۆتەوە، كوردي وەك دڕندەيەك نيشانداوه كه پێشێلی مافی توركمان دەكەن، له يەكێك له وەڵامه كاندا دەڵێ:پێش ٣٠ ساڵ ٩٠٪ی دايشتوانی كەركوك توركمان بوون بەڵام دوای ١١ی ئازارو سياسه تەكانی (تەعريب و تەكريد) ڕێژەی ئێستای توركمان گەيشتۆته ٧٠٪.

هەر لەو كۆنگرەيەدا داوای هاتنی سوپای توركيا دەكات بۆ فشارخستنه سەر پارتی بۆ ئازادكردنی ئەو عەبدول ئەمير عيزەتەی وەك هەندێ سەرچاوه دەڵێن لەگەڵ دەزگا ئەمنيەكانی ڕژێم ڕێككەوتوه بۆ بلاّوكردنەوەی گازي ئەنتراكس لەكوردستان له كاتی دەسپێكی هێرشی ئەمريكا بۆ ڕوخانی ڕژێم.

كاكی قەساب ئەگەر چی بەرەسەن كوردە و خەڵكی خۆشناوەتيه بەڵام به فيتیبەعس و تورانيەكان دەستی داوەته كسبيەكی تازه بابەت و پڕبه پێستی دێره شيعرەكەی حاجي قادری بەسەرخويدا پيادە دەكات كەدەڵێت:

**كوردێك زمانی باوكی خۆی نەزانی موحەقەق دايكی حيزە بابيزانێت**

بەڵام له هەڵوێستی سەنعان قەساب سەير تر بەرگري مستەفا چاورەش بووە له توركمانەكان، كاتێك له دوا ژمارەی گۆڤاری خاكدا موزايەداتی ڕێزگرتن له مافي توركمانان دە كات و دەڵێ : پێويسته سنوري پيرۆزيیەكانی توركمان نەبەزێنرێت وڕێز له ئيرادەی بەرەی توركمان بگيرێ.

جا نازانين يەكيتی لەپای چي ئەمڕۆ خۆي كردووه به چەتري توركمانان تۆ بلێی چی له ژێر سەر بێ ئەمجارە

Amanjraza@maktoob.Com

**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نییه ئەم نووسینه لـەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كه بۆچونی (كوردستان ، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە... لـەگەڵ ڕێزنێت) ە و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتكاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لـەژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣